# مەسەلەکە تەنها کامێرا نىيە

تەلەفۆنی کامێرادار (البلوتوث)

# نەهامەتیێکە لەم حەدە کۆتایی نایەت

?: سالم آل حبيش العجمي

وەرگێڕانی: م/ کامران خالد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله وحده والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه أجمعين،

أما بعد:

له نێو ڕیزی موسڵمانان ئەم موبایلە بڵاو بۆتەوە کە کامێرای وێنەگرتنی لەگەڵدایە، زۆرێك لە خەڵکی گومانیان وابوو لەسەرەتاوە کە مەسەلەکە تەنها لە کامێرە تێ ناپەڕێت، بەڵام دەرکەوت کە مەسەلەکە زۆر لە مەوداکەی دوور ترە بەشێوەیەکی وا ئەم تەلەفۆنە بۆتە مەرگەساتێکی قێزەون، وە مەودایەکی ترسناکی هەیە، کە بۆتە مەزنترین نمونە کە دەهێنرێتەوە بەوەی کە کۆمەڵگای بەرەو گێژەڵووکەیەکی خراپو شیویکی لەناوچوو دەبات، دەبینین کە چەندەها پیاو توشی ئەم فیتنەیە بوونە و وێنەکان لە دانیشتنەکانیاندا هەڵدەدەنەوەو دانیشتنەکانیان وەك دانیشتنی منداڵانی لێ هاتووە.

هەروەها ئافرەتانیش دەبینی کە پۆشاکی شەرمو حەیایان فرێ داوە ئەوانیش وێنەی ڕووتو بەد ڕەوشتەکان هەڵ دەدەنەوەو تەماشای دەکەن!!.

وە ئایا جگە لە هاوشێوەی خۆیان کەس لە زەت لە وێنەی ئەو بەد ڕەوشتانە دەکات؟!!

وە مەسەلەکە لەمە گەورەترە کە دڵ بۆی دابخورپێتو چاوان بهێنێتە گریان، زۆرێك خەڵکی بێ ئاگان لە ڕاستێتی ئەم

تەلەفۆنانـە دەرگـای والّـا کردۆتـەوە بـۆ ئافرەتـــەکانی (ئەوانـــەی کـــە بـــەرەو بازاڕەکان ڕادەکەن) بۆ ئەوەی لە هـەموو خراپەیەکدا نوقمی بکات وە ڕەنگە ئاگای لەمـە نـەبێت ئـیلا لـە پـاش ڕوودانـی موصیبەتەکە نەبێت، هەروەك یـەکێك لـە شاعیران دەڵێت:

ولا يتقون الشر حتى يصيبهم

ولا يعرفون الأمر إلا تـدبرا

وورد ببەرەوە لە صـیفاتی ئـەم تەلەفۆنـە تـاکو گـەورەیی بـەڵاو موصـیبەتەکانی بزانیت:

ئەم تەلەفۆنەی کە تۆ وێنەی پێ دەگریت کە ڕەنگـە گـەر هەنـدێك لـەو وێنانـە بـڵاو بێتـەوە بـەد ڕەوشـتی لێ بکەوێتـەوە، نوسـخەیەکی بـە یـەدەك هـەڵ دەگرێـت وەدەیپارێزێـت بـۆ ئـەوەی نەفـەوتێت، بەشێوەیەك گەر وێنەکان بسڕێتەوە ئەوە نوســـخە یەدەکەکـــە دەمێنێتـــەوەو ناسڕێتەوە، بۆیە هەر کەسێك لە دوای تـۆ ببێـت بـە خـاوەنی ئـەم تەلەفۆنـە چ بـە شـێوەی کـڕین بێـت یـان بـە شـێوەی بەخـشین بێـت دەتوانیـت سـەرجەم ئـەو وێنە پارێزراوانە بگەڕێنیتەوە بـا کـاتێکی زۆریش بەسەر سڕینەوەکە چوو بێت، جـا چۆن کەسێك وێنەیەکی گرتبێت یان بـۆی گیرا بێـت بـە شـێوەیەکی ناشـیاو؟؟؟؟!

ئای لەم پەشیمانیە.

*یـەکێك لـەو پڕۆگرامانـەی کـە خـاوەن دروست کردنی تەلەفۆنەکان دایان هێناوە پڕۆگرامێکـە مـەودای وێنـە گـرتن درێـژ دەکاتەوە بۆ چەند ساعاتێك پاش ئەوەی کە مەوداکەی سێ خولەك بوو بـۆ ئـەوەی هەڵگرانی ئەم تەلەفۆنـە موصـیبەتو بـێ ئـابڕوویی خـەڵکی پـێ وێنـە بگـرن پـاش ئەوە لە نێـوان یـەکتردا بـڵاوی بکەنـەوە، ئەمە وا لـە مرۆڤـ دەکـات لـە کـاتی وورد بوونەوە لێی کە بـە حەسـرەتەوە بگرێـت وە خەم بیوشێت...

## بە باشی بیخوێنەوە

– کەسێك ویستی کچێك سەرشۆڕو زەلیل بکات وێنـەی گـرت لـە کاتێـك کـە تـاوانی لەگەڵـدا ئەنجامـدا پاشـان هەسـتا ئـەم ڕووداوە واقیعیـــەی لەســـەر تـــۆڕی ئینتـەرنێت بـڵاو کـردەوە بـۆ سەرشـۆڕ کردنی، ئافرەتەکـەیش هـیچ دەرفـەتێکی نەما جگە لە خۆکوشـتن تـاوەکو لـەم بـێ ئابڕوویی‌یە ڕابکات.

– وە ئەوەی کە کۆمـەڵگای هەژانـدو وای کرد تەنانەت دڵ ڕەقەکانیش بۆی بگرین کە چەند ڕۆژێکی کەم بەر لە ئێستا ڕوویدا هەندێك لەو کەسانەی کە ڕەحمو سۆز لـە دڵـەکانیان ڕیـشەکێش کرابـوو بـە وێنـە گرتنی کچێك لە کاتێکدا (إغتصاب) دەکرا لە لایەن پیاوێکی بەد ڕەوشـتەوە بـە بـێ ئـەوەی ئاوڕێـك بدرێتـەوە لـە گریـانو پاڕانەوەکـەی، پاشـان ئـەم وێنانـە بـڵاو کرایـەوە لـە نێـو خـەڵك بـۆ ئـەوەی بەشەکانی ئەم تراژیدیا ئابڕووبـەرە تـەواو بێت.

ئەمـە ئـەوەی کـە ئاشـکرایە، وە گومـانی تێدا نییە ئەوەی مـەزنترە خـوای گـەورە شاردوویەتێوە لە خـوا داواکـارم کەئێمـەو ئێوە بە جوانترین شێوە سەترمان بکات.

*وە جەریمـەو تـاوای گـەورە ئـەو کـارە خراپەیـە کـە خـەڵکی دەیکـات لـە گواسـتنەوەی ئـەو وێنـە خـراپو کـارە ئابڕووبەرانەی خەڵك لـە نێـوان یـەکتر لـە ڕێگای (البلوتوث..!!).

گەر تۆ بچیتە ناو کۆمەڵگایەکی بازرگـانی بـە پـۆل ئـافرەت دەیبینـی کـە پیـاوی لەگەڵدا نـی‌یـە هـەر یـەکێکیان موبـایلێکی گرتۆتـە دەسـتیەوە (بـۆ فیـزو تەکـەبورو خۆشـی نـەفس کـە عاقیبـەتی بـاش نابێت...... بە خوا) لە بەرامبەریشدا لەو لاوە کۆمـەڵێك لاوی فاسـق دەبینـی ئەوانیش هەریەکـەیان موبـایلی خـۆی بـە دەستەوەیە، لەوپـەڕی قاڵبوونـە بـە ئـاڵو گۆڕ کردنی نامەو مەسـج، تـۆش لـەو لاوە زڕەی دەنگی مەسج ئیزعاجت دەکات.

دەبینیت نامە ئـاڵوگۆڕ دەکرێـت، خـەڵکی وەك مەستو سـەرخۆش وایـە لەبـەر ئـەو وێنەو ڕووداوانەی کە دەیبیـنن، وە بـەڵاو موصـیبەت ئەوەیـە گـەر ئـەو وێنانـە هـی ئافرەتێکی بەزۆر حەیا لێ سەندراو بێـت، یان گوناهێك بێت کە خودا دای پۆشیبێت ئـەوان ئـابڕووی خـەڵکی دەبـەن بـە بـڵاو کردنـەوەی، وە ئەمـە حەرامـە وە ئـەو کەسەی کە ئابڕووی خەڵك دەباتو عـاری خەڵك هەتك دەکـات شـایەنی ئەوەیـە کـە خودا عەیبی هەڵماڵێت.

خەڵکی کەوتنە ناو هەڵە نابێتـە بەهانـەی ئەوەی کە ئابڕوویان بەریو وێنەیان بـڵاو بکەیتەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمێت:

من ستر مسلما ستره الله في الدنيا والآخرة)[1].

واتە: هەر کەسێك عەیبی موسڵمانێك داپۆشێت ئەوا خوای گەورە لە دونیاو قیامەت عەیبی دادەپۆشێت.

بەڵام ئەو وێنە ڕووتو بەرەڵاییانەو کە ئەو تاوانبارانە بڵاوی دەکەنەوە ئەمە لە بابی بڵاو کردنەوەی خراپە کارییە لە نێو ڕیزی موسڵمانان، وە خوای گەورە دەفەرمێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ﴾ [النور: ١٩].

واتە: بەڕاستی ئەوانەی کە پێیان خۆشە لە نێو ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە خراپەو شتی ناشیاو بڵاو بێتەوە لە دونیاو ئاخیرەتدا عەزابی ئێشێنەریان هەیە.

تەلەفۆن بەکار دەهێنرێت بۆ پێویستی وە ئەگەر تۆ بەلاتەوە سەیر بێت ئافرەتێك لە کاتێکی درەنگ دوور لە ئاگای پیاوانی بە غیرەت لە ڕەفتاری ئافرەتەکانیان قسە بکات ئەوا زیاتر سەرسوڕمێن بە بەوەی کە خەڵکانێك هەیە ڕێگایان داوە بە ئافرەتان بە بەکارهێنانی ئەم مۆبایلە کە وێنەی جنسو ڕووت بڵاو دەکاتەوە.

ئایا نازانن ئافرەت لاوازە ئەگەر هەستی جنسی بزوێنرا نە (ئایین وئەصڵو فەصڵو نە پلەو پایەی لە ناو کۆمەڵگا) ڕێگری لەبەردەم ناکات، زۆر جار بینراوە ئافرەتێکی خاوەن بنەماڵە لە ئامێزی شۆفێرێك یان کەسێکی خراپو لە بنەماڵەیەکی خراپ کە هیچ پلەوپایەو ئاستێکیان نییە لەناو کۆمەڵگادا!! هەی پیاوان (مەسەلەکە شەهوەتو ئارەزووە ئێوە هۆشو عەقڵتان نیيە).

چی وا لە ئافرەتێکی پاك دەکات ئەم تەلەفۆنە دەرداوییە بەکاربهێنێت؟! ئایا بۆ وێنەی یادگارییە یان وێنەی منداڵە!! ئایا ئەمە عوزرێکی دروستە؟؟!!.

ئەمە ئەوپەڕی گێلیە وە ئەمە درۆیەکی دروست کراوە خەڵکانێکی گێلو گێژیش بڕوای پێ ناکات.

*هەندێك لە ئافرەتان دەچنە ناو ئاهەنگی گواستەوە بە ئەنقەستو وێنە گرتنی ئەو ئافرەتە داوێن پاکانەی کە سەما دەکەن

---
(١) (صحيح الجامع الصغير: ٦٥٧٧).

لە ئاهەنگێکی داخراو تەنها بۆ ئافرەتـان، پاشان ئـەو وێنانـە بـڵاو دەکەنـەوە چ بـە بلوتـوس یـان لەسـەر تـۆڕی ئەنتـەرنێت، نیشان دەدرێن هەروەك چۆن ئافرەتان لە بازاڕی کۆیلەیەتی نیشان دەدرێـن، جـا چ پیاوێك بەمە ڕازییە؟.

هەر بۆیە ئـەم کـارە وای کـردوە پـاڵ بـە پیاوی خـاوەن غـیرەت بنێـت بـۆ ئـەوەی ئامادە بوانی ئاهەنگی گواستنەوە تـەنگ بکاتەوە بەوپـەڕی توانـا، بـەوەی ئامـادە بـوانی ئـەو ئاهەنگـە لـە ڕێگـای کـارتی دەعوەتـەوە بانگێـژ بکـرێن بـۆ ئـەوەی هەموو کـەس نـەتوانێت ئامـادە بێـت، وە پاسەوانی ئافرەت بێنێت تاوەکو جانتـای ئافرەتان بپشکنێتو ڕێگایـان پـێ نـەدات تـاوەکو کـامێرا بێننـە ژوورەوە، وە هـەر کەسـێك کـەزانی شـەرەفی سـەرمایەو سامانێتی، وە ناموسی برایانی موسڵمانی ئەوانـەی کـە هـاتوون بەشـداری ئاهەنگەکەی بکەن ئامانەتـە لـە ئەستۆی ئـەوە پاسـاو عـوزر نـەما لـە دوای ئەمـە بەوەی لە ڕوو دامام یان شەرمم کرد.

*ئەم موبایلەی بۆتـە وەسیلەیەك بـۆ لـە نێو بردنی ناموس وڕابواردن بە ئافرەتانی بەهەڵـە چـوو، پێویـستە موسـڵمانان لـە بەرامبـەری هەڵوێـستی جـددی وەربگـرن (مانای ئـەوە نـیـە هـەر کـچێك گونـاهی لەگـەڵ کوڕێکـدا ئەنجامـدا ئەمـە دەبێتـە ئەوەی دروستە ئابڕوو ببرێـت) وە ئەگـەر پەنا بە خوا خـوا توشـی بەڵایـەکی ئـاوای کردیـت ئایـا پێـت خۆشـە لـە نێـو خـەڵك وێنـەی خـۆت یـاخود وێنـەی کەسـێکی نزیکت بڵاو بێتەوە و ئاڵوگۆڕ بکرێت؟

(نەڵێی: ئێمـە... ئێمـە چـونکە سـەرجەم کـارو بارەکـان بـە دەسـت خودایـە چـۆن بیەوێت ئاوا دەیکات، دەنا واز لەو فو پیا کردنە درۆینە بێنن ... من ئێمە بنەماڵەی فلانو فلانین) وە هـەر کەسێك پـشت بـە ئەصـڵی خـۆی ببەسـتێت ئـەوا لـەناو دەچێت، بەڵکو ئێمە هەڵدەسوڕێین لە ژێر سەتری خودا، جا ئایا کەسی عـاقڵو ژیـر لەمە تێدەگات؟.

بۆیە پێویستە موسـڵمانی ڕاسـتگۆ کـەواز لـەم ئـامێرە بێنێـت کـە بۆتـە هـۆی سوکایەتی کردنو ئابڕوو بردنـی خـەڵکی، پێغەمبەری خودا ﷺ دەفەرمێت:

(من تتبع عورة أخيه المسلم يتتبع الله عورته، ومن تتبع الله عورته يفضحه ولو في جوف رحله)[٢].

واته: هەر كەسێك شوێنی عەیبو عاری برای موسڵمانی بكەوێت خوای گەورە شوێنی عەیبو عاری دەكەوێت، وە هەر كەسێك خوای گەورە شوێنی عەیبو عاری بكەوێت ئابڕووی دەبات لە ناوجەرگەی ماڵەكەی خۆیشیدا بێت.

بۆیە وریا بین دوای ئابڕووبەرەی خەڵك نەكەوین، وە دروست نیيە تەماشای ئەو وێنە خراپانە بكەین بە تایبەت ئەو وێنانەی بریتییە لە ڕووتو بەرەڵایيو فەسادی.

وە پێویستە لەسەر پیاوی بە غیرەت هەر چەندە كەم دینیش بێت كە نەهێڵێت ئەم جۆرە موبایلە بەكاربهێنێت، بەڵكو پێویستە بزانرێت كە تەلەفۆن بە گشتی تەنانەت ئەوانەی كە كامێراشی لەسەر نیيە لە قەوارەی پێویست بەكار بهێنرێت مافی نییە چ كاتو چۆن بیەوێت قسەی پێ بكات.

جا كوا ژیرە شارەزاكان؟؟!!.

وە پێویستە لەسەر كاربەدەستانو لایەنە پەیوەندی دارەكان كە چارەسەرێك دابنێن لەبەردەم بەردەوامی بەكارهێنانی تاوانی بلوتوس لە نێو ڕیزەكانی نەفس نزمەكان، چونكە ئەمە تاوانو خراپەكاری بڵاو دەكاتەوە، بۆیە پێویستە دەستی ئەم كەم نەفسانە بگیردرێت وە داوا لە كۆمپانیاكانی پەیوەندی كە تەشویش بخاتە سەر ئەم خزمەت گوزارییە بە تایبەت ئەم نامە ومەسجانە بەرامبەرێكی ماڵی نییە، وە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مەبەست لەمە بڵاوكردنەوەی خراپیو پشێوییە، وە با هەموو بزانین هەموو لە بەینی دوو دەستی خوای گەورە ڕادەگیرێین (ئای خانە خراپی بۆ خۆیان گەر پەلە نەكەن لە بڕینی دەستی ئەم فیتنەیە چ كەسێك لە دەستی خودا قوتاریان دەكات).

وە لەسەر كاربەدەستانە پەلە بكەن بۆ ڕاگرتنی ئەم نەهامەتیانە تا چیتر لە نێو ڕیزی كۆمەڵگا بڵاو نەبێتەوە نەك بە سزادانی ئەو كەسەی ئەم كارە دەكات یان بخرێتە ژێر بەهانەی یاسا ئەمە

(٢) (صحيح الجامع الصغير: ٧٩٨٥).

سـودی نییـە، بـەڵکو پێویـستە ئـەم سیستەمە ناخزمەتگوزارییە دابخرێت کە بۆتە مایەی ئابڕو بردن.

ئەو کات گەر بێتو پیاوێکی گەورە یان بەرپرسـێك وێنەیـەکی ئابڕوبـەری بـڵاو بکرێتەوە کە عەیبو عـاری لـە ژێـر خـۆڵ بنرێت باشترە وەك لە ئاشکرا کردنی ئـەو کاتە ئەو کەسە چی بۆ دەکرێت؟

کـوا پیـاوانی ژیـری وولاتەکـەم..؟ کـوا پیـاوانی وولاتەکـەم..؟ کـوا ئامۆژگـاری کەران؟ ئەوان کوان؟ تۆ بڵێیـت پیـاوێکی ڕەشیدیان تیا نەبێت؟!!.

جـا بـا هەنـدێك لەوانـەی کـە خـەڵکی بـە قودوەو پێـشەوای دەزانـن لـە ئافرەتـانو پیـاوان ئاگـاداربن لـە بـەکارهێنانی ئـەم جۆرە مۆبایلانە کە لە پێش چـاو خـەڵکی بۆتە ئەوەی کەسانێك بـەکاری دێـنن کـە جێـی گومانـە بـا حـەزەر بکـەن لـەوەی دەرگای عـوزر والا بکـەن بـۆ خـەڵکی، وە دەرگای شوبهە والا بکـەن بـەوەی: ئـەوە فلانە ئافرەتی داپۆشراوە بەکاری دێنێت، ئـەوە فلانـە کەسـی پێـشەوایە بـەکاری دیێنێـت بـا نەبنـە دەرگایـەك بـۆ ئـەوەی خەڵکی لێوەی بچێتە ژوورەوە بۆ بـەتاڵ، وە با نەڵێن: ئێمە بۆ کاری چـاك بـەکاری دێــنین!! چ بــەکارهێنانێکی چــاك؟! هەموو مەسەلەکە وێنە لـەناو وێنـە بـا واز لە سەخافەت بێنین!!.

لەوە ناشرین تر هەیە هەندێك لە ئافرەتان پۆشاکی ئافرەتانی صاڵحیان پۆشیوە لـە کاتێکـدا بـۆ پـۆز موبایلەکـەی بـە جانتاکەیەوە هەڵواسیووە..؟!!.

بـە لای کەمـەوە لـە لای خـەڵکی خـۆت بـشارەوە کـوا حـەیاو عـەیب؟ کـوا ئـەو سەرپەرشتیارانەی کـە ئیـدعای پیـاوەتی دەکەن..؟! تۆ نابینیت؟!!.

وە دەڵێن: بەکارهێنان بۆ کاری چاك ئەمە لەبار چوان دێنێتە پێکەنین.

جا با ووریاو ئاگادار بین ئەو کەسـەی کـە وێنەی کچەکانیو خێزانەکەی گرتووە بەم ئــامێرە کــە نوســخەیەکی ئیحتیــات دەپارێزێـتو کـۆپی دەکـات بـۆ ئـەوەی نەوەك ڕۆژێ لە ڕۆژان ببێت بە موفاجەئە بـۆی وێنــەکانیان لەســەر پــەڕەکانی ماڵپەڕەکانی ئینتەرنێت ببینین.

یان لە دوو تۆی دەستی گـەنجان لـە ڕێـی ئامێری بلوتوس، وە با ئەوانەی کە وێنەی کــەسو کاریــان گرتــووە بــەم ئــامێرە

پێویستە لەسەری کاتێك ئامێرەکەی پەکی کەوت نەیبات بۆ لای هەندێك لەو کەسانەی کە مەحەلەکان کار لەم ئامێرانە دەکەن ئەوانەی کە لە ماوەی چەند چرکەیەك وێنەکان دەگوازنەوەو بڵاوی دەکەنەوە لە ئامێرەکان، بەڵکو سەرەنجامی ئەم ئامێرە هەر تێك شکاندن‌و لە ناوبردنە لەبەر ئەوەی نەبادا ئەو وێنانەی ناوی بڵاو بکرێتەوە.

پاشان پێویستە ئینسان پەلە بکات لە خۆی بەری کردن لەم تاوانە گەورەیە، وە واز لەم ئامێرە بێنێت وە تەوبە کردن ئاشکرا بکات بۆ لای خوا، خوای گەورە نیعمەتی پێ داوین پێویستە کوفرانەی نیعمەتەکانی نەکەین وە خوا سەتری کردوین با خۆمان ئابڕوی خۆمان نەبەین.

ئەمە ووشەیەکی ئاگادار کردنەوەیە بۆ برایانی خۆم عاقیبەت‌و خەتەری ئەم باسەم ئاشکرا کردووە، نوسیوومەتەوە بۆ ئەستۆ سووك کردنی خۆم وە بۆ پەردە لادان لەسەر گومان، داوا لە خوا دەکەین کە بە جوانی سەتر کردنی مامەڵەکان لەگەڵ بکات.

**وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه أجمعين**